## سێکتەری ژینگە Invironmental Sector

بۆ درێژەپێدان بە ژیان، دانیشتوانی باکووری عێراق پێویستیان بە ژینگەیەکی خاوێن و هەوایەکی پاک و ئاوی خواردنەوەی خاوێن هەیە.
هەموو یاسا و ریسا ژینگەپارێزەکانی ئەمرۆ لە کوردوستان خۆیان لە قەلاچۆکردنی مەترسییەکان و چاککردنەوەی ئامێرەکاندا ئەبینێتەوە، نەک لە بنبڕکردنی هۆکانی مەترسییەکەدا.
لە داهاتوودا ئەبێت مەترسییەکانی سرووشت و پارێزگاریکردنی ژینگە لە بەشە خزمەتگووزارییەکانی وەک Recidential Sector and Economy Sector زیاتر گرنگی پێبدرێت. پێویستییەکانیش لە میانەی پاراستنی ژینگە دا لەسەر ئەساسی پێویستییەکانی بەشەکان و پلانی سیاسی وولات و چاوەروانکراوەکانی داهاتوو، دیاریکراوە کە بریتین لە:

- Sewerage Recycle
- Removing of Waste
- Airial Cleaning
- Noise Prevention
- Protection of Land and Nature
-

پێویستی باکووری عێراق لە بواری ژینگەپارێزیدا هەتا ساڵی 2015 ئەگاتە **873,90 Mio. US $** بە پێی ئەم نەخشەیە:

| **Invironment Sector** | Preservation Need In Mio, US $ | Extension Need In Mio. US $ | Sum In Mio. US $ |
|---|---|---|---|
| Recycling of Sewerage<br>34,29% Preservation + 43% Extension. | 149,83 | 187,89 | 337,74 |
| Recycling of Wast<br>20% Preservation + 19,23% Extension | 87,39 | 84,05 | 171,47 |
| Aerial Cleaning<br>5,31% Preservation + 6,92% Extension | 24,95 | 30,34 | 55,29 |
| Noise Preventation<br>8,57% Preservation + 6,92% Extension | 37,45 | 30,34 | 67,79 |
| Protection of Natur<br>31,43% Preservation + 23,85% Extension | 137,33 | 104,25 | 241,58 |
| **Sum:** | **436,95** | **436,95** | **873,90** |

لە بەشی Sewarage دا نزیکەی 337,74 Mio. US $ پێویستە بۆ Preservation and Extension Need کە خۆی لە نۆژەنکردنەوەی تۆڕی ئاوەڕۆدا ئەبینێتەوە لەگەڵ تێچوونی نرخی چاککردنەوەی ئامێری پاککردنەوەی ئاوی قورس دا.

بڕی 187,89 Mio. US $ بۆ Extension Need ی ئەم بەشە تەرخان کراوە بۆ:

- درووستکردنی تۆڕی کەناڵی ئاوەڕۆی باران لە ژێر زەویدا،
- فڕێدانی خۆڵ و خاشاکی ماڵان،
- فڕێدانی پاشماوەی دوکانەکان،
- فڕێدانی کەل و پەلی فڕێدراوی ماڵان،
- کۆکردنەوە و فڕێدانی پیسی سەر جادە و شەقامەکان،

وا چاوەڕوان ئەکرێت، کە لە ساڵی 2015 دا نزیکەی 15 ملیۆن تەن لە پیسی بۆ فڕێدان کۆبکرێتەوە، کە پێویستی بە تەرخانکردنی بودجەیەک هەیە. کە برەکەی ئەگاتە 171,47 Mio. US $.

بۆ ڕیسایکلینی ئەم خاشاکە پێویستی بە هەمان بڕ بودجە هەیە. بەم شێوەیەش سەرجەمی پارەی تەرخانکراو زیاد ئەکات.
بۆ ئەوەی گرنگی زیاتر بدرێت بە فڕێدانی خۆڵ و پیسی، بە مەرجێک نەبێتە هۆی درووستبوونی سەرفیاتی زیادە لە بوودجە و لە تەکنیکی تەرخانکراودا بۆی، پێویستە یاسای تایبەت بەم کارە ڕێکبخرێت.



Saiwani

IB-Saiwani  Beratender Ingenier
Dr. – Ing. Asso Saiwani
Nordhauser Str. 19, 10589 Berlin

هەوای پاک نەک تەنها پێویستییەکی گرنگی ژیانە بۆ مرۆڤ، بەڵکو زۆر پێویستە بۆ ڕووەک و ئاژەڵ و بۆ ژیانەوەی ژینگەی پیسیش.
گۆڕانکاری لە هەوای پاکدا کاریگەری ئەبیت لەسەر ژینگە. لە کاتی هەموو سووتانێکدا غازی $NO_2$ درووست ئەبیت بە یەکگرتنی غازی نایترۆجین لەگەڵ گازی ئۆکسجیندا، کە ئەم غازەش زیانبەخشە بۆ هاووڵاتیان.
غازی $SO_2$ یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی پیسبوونی هەوا. زۆربەی ئەو غازەی ئەکرێتە هەواوە غازی CO یە، کە بەهۆی خاشاکی ماڵانەوە و بەهۆی ماشێنی هاتووچۆوە درووست ئەبێت و ئەکرێتە هەواوە. ڕێژەکەی بە لە %60 مەزەندە دەکرێت.
ئەو مەرجانەی کە پێویستن بۆ پاککردنەوەی هەوا ئەمانەن:

- بەکارهێنانی ئامێری گەرم کردنەوەی گوونجاو لە ماڵان دا واتە Central Heating and Cooling System
- باشکردنی Building Insulation
- ڕێکخستن وهێواش کردنەوەی هاتووچۆLimiting of Speed

لە بواری پاککردنەوەی هەوا دا ڕێژەی Extension Need بە %6.92 زیاترە لە ڕێژەی  Preservation Need کە بڕەکەی %5.31ە.

هاژووهوژ یەکێکە لەو فاکتۆرانەی کە مرۆڤ ئیزعاج ئەکات. هۆکارە سەرەکییەکانیشی بێگومان هاژووهووژی ماشێنی هاتووچۆیە، کە هاووڵاتیان بێزار ئەکات.
لە ناوچەی نیشتەجێبوون دا بە پێی ستاندەردە جیهانییەکان Sound Level دانراوە کە ئاستەکەی لە ڕۆژدا بە **60 dB** و لە شەودا بە **52 dB** دیاریکراوە. نە لە ڕابوردو دا و نە لەکاتی ئێستادا کار بۆ کەم کردنەوەی گوێزانەوەی دەنگ بۆ ناوچەی نیشتەجێبوون لە باکووری عێراق کراوە. تەرخانکردنی بوودجەیەکی $ 55,29 Mio. US بۆی کەمترین نرخە کە ئامانجەکانی خۆی لە کەمکردنەوەی گوێزانەوەی دەنگدا، بپێکێت.

بۆ پارێزگاریکردن لە سرووشت بڕیارە لە داهاتوودا کاری کۆنکرێتی بۆ بکرێت، لە لایەکەوە لەبەر کەمکردنەوەی گوێزانەوەی دەنگ و لە لایەکی ترەوە لەبەر بە سەوزایی کردنی سرووشتی ناوچەکە بە ڕووەک و دارستان.
لەبەرئەوەی کە هاووڵاتیان کەمتر بە کشتوکاڵەوە خەریکن بوودجەیەکی گوونجاو پێویستە بۆ بەرجەستەکردنی ئەم کارە، کە لەم باسەدا بە $ 241,58 Mio. US خەمڵێنراوە، کە پشکی Extension Need تیایدا بە %23.85 ڕێژەیەکی درووستە.

Saiwani